

## مەولود باوەمراد
## ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو

# باڵی موحافیزکار زاڵە بەسەر راگەیاندن وسیاسەتی یەکگرتوودا

## بەشی یەکەم

دیداری هێمن و هەڵگورد ئیبراهیم

فۆتۆ : هێمن

**● مەولود باوەمراد- ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بۆچوونە جیاوازەکانی لەسەر شێوازی حیزبایەتیو پێشهاتە سیاسییەکان، لەو شتانەن کە لە هاوڕێکانی جیادەکەنەوە.**

**ئەو زیاتر لە عەلمانییەکی سیاسیی دەچێت تاوەکو واعیزێکی دینییو ئەو شێوازەی کە ئەو بۆ یەکگرتوو پێشنیاریدەکات، هاوشێوەی حیزبێکە زیاتر لە دادو گەشەپێدانی تورکیاوە نزیکە.**

**لڤین لەم چاوپێکەوتنەدا مەولود باوەمراد دەدوێنێت لەسەر هەندێك بابەتی هەستیار بە خودی یەکگرتووی ئیسلامییو ئاییندەی ئەو حیزبەوە.**

**لڤین: یەکگرتوو لەم دواییانەدا کۆنفرانسی گرتو یادی ئیعلانی کردەوە، کۆنفرانس چ گۆڕانێکی دروستکرد؟**

مەولود باوەمراد: لە رووی مەبدەئییەوە، کۆنفرانس بڕیاری کۆنگرەی چوار بوو، کە وا لەنێوان کۆنگرەیەكو کۆنگرەیەکی تردا دەبێت کۆنفرانسێك ببەسترێت بۆ پێداچوونەوەی هەندێك ئەفکارو بڕیارو گەڕانەوە بۆ ناو هەندێك کێشەی ناو خۆمان. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەکتیڤبوونی حیزب ئەوەیە کە کۆنفرانسو کۆنگرەی گەورە ببەستێت، ئێمەش لەو کۆنفرانسەدا گفتوگۆمان لەسەر بیروڕاو هەڵوێستی سیاسیی خۆمان کرد، لەو کۆنفرانسەدا بڕیارماندا بە هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسیی، بەرپرسی مەڵبەندەکان خرانەوە بەر هەڵبژاردن، هەموو راسپاردەکانی کۆنگرەش بە سەرپەرشتی مامۆستا (عەبدولڕەحمان سدیق) کۆکرانەوەو لە یەکەم دانیشتنی شورادا لەدوای کۆنفرانس هەموویان تاووتوێکران، لیژنەی تایبەتیش بۆ سەرجەم بابەتەکانی رۆشنبیرییو رێکخستن دروستکراوە، ئەمە بەشی یەکەمی کۆنفرانس بوو، بەشی دووەمی کۆنفرانسیش بریتیبوو لە سەرلەنوێ رێکخستنەوەی مەکتەبی سیاسیی، لە یەکەم دانیشتنی شورای پاش کۆنفرانس مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرایەوە بەبێ ئەوەی بچوکترین کێشە یان کوتلەو کوتلەکاریی دروستببێت، رەنگە بوترێت لەوانەیە شێروخەتی بۆ کرابێت، یاخود بوترێت خۆ هیچ نەگۆڕاوە، بەڵام هەر گۆڕانێکیش روویبدایە ئاسایی بوو، سەرباری ئەوەی کە وا رەخنەی زۆر شەفاف هەبوو، بچوکترین کێشە دروستنەبوو، زۆر بەسادەیی لە سەعات یەك بۆ حەوتو نیو هەموو مەکتەبی سیاسیی هەڵوەشێنرایەوەو تەنها شوراو ئەمینداری گشتیی مایەوەو دواتر مەکتەبی سیاسییو بەرپرسی مەکتەبەکانو بەرپرسی مەڵبەندەکانیش هەڵبژێردرانەوە.

**لڤین: لە دوای کۆنفراسەوە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ لە مەکتەبی سیاسییدا بەدیناکرێت، ئایا ئەمە رێکەوتنێکی پێشوەخت نییە؟ ئەمە مانای ئەوە نییە کە سیناریۆیەک لەئارادابووە بۆ ئەوەی کە هەمان ستاف دەربچنەوە؟**

مەولود باوەمراد: ئەوە ئەو خەڵکەیە وا دەنگ بەو دەستەیە دەدەن، کە دەنگیشیان بۆدای، تۆش چارت نییە، ئەگەر تۆ دەڵێیت ئەوە سیناریۆیە، واتە خۆمان پێشوەخت دەستەیەکمان ئامادەکردووە، من بەشەکەی خۆم ئامادەم بەرگریی بکەم کە هیچ سیناریۆیەك لەئارادا نەبووە، هەر سیناریۆیەکیش شك دەبەیت، دەتوانیت پێمبڵێیت، لەگەڵ ئەوەشدا دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی خۆیان نەپاڵاوتو هەڵنەبژێردرانەوە.

لەناو شوراشدا ترسو شەرم نییە، لە شورادا ٣٥ کەس هەیەو لەم ٣٥ کەسە دوازدەی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، دەی جێگرو دووان یەدەگ، هەرگیز لە وتنی راستییەکاندا کەس شەرمی لە کەس نییە، کەس ئامادەنییە موزایەدە

بەسەر کەسەوە بکات، هیچ شورایەك مەکتەب سیاسییەکی مەبەست نییە تا دەنگی بۆ بدات، ئایا ئێوە شتێك دەزانن کە ناوی سیناریۆ بووبێت؟.

**لڤین: حاڵەتێکی زۆر جێگیر هەیەو گۆڕان تیایدا زۆر بە دەگمەنە، ئەمە بۆ خۆی جێگای گومانە، بۆ خوێنی تازەو عەقڵی تازە نایەتە نێو مەکتەبی سیاسییەوە؟**

مەولود باوەمراد: لە کۆنگرەی پێشوودا شەش کەس لە کۆنگرەدا دەرچوو، کە ریش سپیو گەنجیشیان تێدابوو، ئێمە شتێکمان نییە لەناو یەکگرتوودا ناوی کوتلە بێت، پشتگیریی بۆ کەس، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە قیادەی حیزبی ئێمەدا کراوە باوەڕناکەم لە هیچ حیزبێکدا کرابێت، ئەوەی تازە هاتووەتە سەرکردایەتی، هەمووی تازەیە لە خوشکان دووانو لە برایان شەش. مامۆستا کاروانی راستەوڕاست لە ئەندامی مەکتەبەوە هات بۆ شوراو پاشان بۆ ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسیی، ئەوە خوێنی تازەیە.

**لڤین: بۆ شانازی بەوەوە دەکەن کە دەنگی جیاوازو کوتلەی جیاواز لە یەکگرتوودا نییە؟**

مەولود باوەمراد: ئێمە دەستەیەکی رۆشنبیرییو رێکخراوێکی مەدەنی نیین، بیروڕامان جیاوازبێت، خۆشحاڵین کە وا لە بڕیارو هەڵوێستماندا یەکدەنگین. جیاوازیی لە هەڵوێستو بڕیاردا درز لەناو حیزبدا دروستدەکات. هێندەی ئێمە بواری بیروڕادەربڕینمان لەسەر شتەکان جیاوازە، بڕواناکەم هیچ حیزبێکی دیکە وابێت. من بیروڕام لەگەڵ برادەراندا لە زۆر شتدا جیاوازە. من ستالینیم لە گرنگیدان بە رێکخستنو بڕیاری حیزبدا، پێشموایە بوارێکی زۆر بۆ ئازادی لەناو یەکگرتوودا هەیە. لە حیزبی ئێمەدا هەڵوێستو بڕیار روونە، بیروڕای جیاوازیشمان بۆ نموونە بەرامبەر ئەمریکا، بەرامبەر تەفسیری قورئانو تەفسیری دینو شەریعەت جیاوازییەکە رەنگە ئێوە نەیزانن. ئێوە شارەزای حیزبەکانی دیکەش بن، حیزب هەیە رەنگە بە کەمترین قسەی ئەندامێکی تووشی شتی خراپ ببێت، لادان لە خەتی فلانو پێچەوانەی فلانو ئەو شتانە لەناو حیزبەکانی تردا هەیە، بەڵام لە حیزبی ئێمەدا ئەو شتانە نییە.

**لڤین: لە مامەڵەتاندا لە حیزبێکی مارکسی دەچن تا حیزبێکی دیموکرات، بۆ نموونە لانەدان لە بڕیاری قیادەو جەختکردنەوەتان لەسەر تۆکمەیی رێکخستن؟**

مەولود باوەمراد: کوێ هەیە وانەبێت؟ ئێوە دەتانەوێت بڵێین ئەو رەخنەیەی کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، پێویستە لەناو حیزبیشدا هەبێت، ئێمە ئیمانمان بەو رەخنەیە هەیە، بەڵام رەخنەیەك نا کە هەڵمانبوەشێنێتەوە، یەکگرتوو حیزبی بە چوارچێوەی دینو خواو ئەخلاق دانەناوە، خەڵکی تر دەڵێت پابەندبوونی تۆ بە حیزبەکەی ئێمەوە، پابەندبوونە بە مێژووەوە، پابەندبوونە بە یەك پارچەییەوە، هەشە دەڵێت پابەندبوونە بە خواو بە دین، بەڵام ئێمە دەڵێین حیزب چوارچێوەیەکی مرۆییە.

**لڤین: یەکگرتوو حیزبێکی سیاسییە، یان رێکخراوێکی ئایینیی؟**

مەولود باوەمراد: بە تەئکید یەکگرتوو، رێکخراوێکی ئایینیی نییە.

**لڤین: بەڵام یەکگرتوو بە دوو شێوە کاردەکات، یەکەمیان؛ کارکردنە لەسەر سیاسەت، دووەمیان؛ کارکردنە لەسەر دەعوە؟**

مەولود باوەمراد: ئەوە راستییە کە ئێمە حیزبێکی ئیسلامیی کوردستانیین، رەوتمان لەگەڵ رووداوە سیاسییەکانی کوردستاندایە، لەو شتانەی کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردەوە هەیە، حیزب ئۆرگانێکی رەسمییە لە کۆمەڵگادا، تۆ سەیری یەکێتییو پارتی مەکە کە هەردووکیان دەسەڵاتنو بە حیزب ناویان دەبرێت، سەیری ئەوە بکە کە حیزب ئۆرگانێکی نارەسمییە لە وڵاتدا، چالاکییەکانی ئاراستەی دەسەڵاتە. تۆ دەتەوێت بڵێیت ئێوە لەسەر بابەتە دینییو ئەخلاقییەکان بەدەنگ دێنو بابەتەکانی دی واز لێدێنن، منیش دەڵێم ئەوە راستە، ئێمە کە حیزبێکی ئیسلامیینو ئەو شوێنەی کە بڕیارەکانمانی لێوەردەگرین قەناعەتێکی ئیسلامییە، لەبەرئەوە سروشتییە کە بەو جۆرە بابەتانە هەڵدەچینو هەڵوێست وەردەگرین.

**لڤین: لەبەرئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی بەر لەوەی حیزب بووبێت، وەکو پرۆژەیەکی دەعەوی بوونی هەبووە، ئێستا رەمزەکانی ئەو دەعوەیە لە سەرکردایەتی ئەم حیزبەدان، زۆرجار هەست بەوە دەکرێت بە تێڕوانینێکی دەعەوییەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتە سیاسییەکاندا دەکەن؟**

مەولود باوەمراد: بۆ ئەوەی بۆتی بسەلمێنم کە من یەکێکم لەو کەسانەی داوادەکەم ئایینو سیاسەت لانیکەم پۆلێن بکرێن، چونکە ئەم دووانە دوو شتی جیان، دوو خەڵکی جیاواز، دوو بۆچوونی جیاواز، لە هەمانکاتدا دوو ژینگەی جیاوازیشی دەوێت، پێموایە سیاسەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئیتر ئیسلامیی بیکات یان غەیری ئیسلامیی، بەڵام دەعوە مامەڵەکردنە لەگەڵ دڵ، رەفتار، ئەخلاق، هەروەها رێکخستنی پەیوەندیی مرۆڤ بە دینەوە، ئەمە جۆرێك لە پاکێتییو زانیاریو شارەزایی دەوێت، بە قەناعەتی من کەسێك ناتوانێت لە یەك کاتدا، کەسێکی سیاسیی باشو دەعەوییەکی باشیش بێت، بۆیە من پێموانییە ئەگەر داعییەکی باش توانی سەرکەوتووبێت، دڵنیام لەسەر حسابی سیاسەتەکەیەتی، کەسێکی تریش توانی خولیای سیاسیی خۆی زیادکات، خۆی بەرەوپێش بەرێت، لایەنی دەعوەکەی دەپووکێتەوە، چونکە ناتوانێت لە یەك کاتدا ئەم دوو شتە گەورە هەڵگرێت، ئەگەر بڕیاربێت دەعوە پەیامی خوا بێت بۆ سەر زەویو سیاسەتیش بریتیبێت لە بەڕێکردنی مەسڵەحەتی گشتی، خەڵکی چۆن دەتوانێت ئەم دوو شتە قورسە بەیەك دەست هەڵگریت، راستە یەکگرتوو تا ئێستا ئەوەی کردووە، جا من پێموایە کە یەکگرتووی ئیسلامیی لە کۆنگرەی چوارىو بەتایبەتیش لە کۆنفرانسی ئەم دواییەدا زۆر لەسەر ئەم خاڵە راوەستاوەو کاری جدییشی بۆ کردووەو زیاتریشی بۆ دەکەین، من لەو کە سانە نیم بترسم لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، بەڵام بەو مانایە لێم تێمەگەن کە سیاسەت لە دین جیا دەکەمەوە، بەڵام دەبێت ئەم دوو شتە پۆلێن بکرێن، بە نموونە ئێستا کە جیامان نەکردووەتەوە، کەسێك کە دەعوە دەکاتو ناویشی مەکتەب سیاسییە، بە سروشتی حاڵ هەموو جووڵەیەکی بە سیاسییانە دەخوێنرێتەوە، لەبەرئەوە زۆرجار کە بەناوی سیاسەتەوە دەچینە ناو دەعوەکەوە، ئەویش لەگەڵ خۆمان قەدەغە دەکەین، بۆ نموونە؛ سەرپۆش کە شتێکی دینییەو لە هەموو دنیا ئازادە، کەچی لێرە خوێندنەوەیەکی سیاسیی بۆ دەکرێت، چونکە ئێمە حیزبێکی سیاسیینو چەمکی دەعوەشمان لەگەڵ خۆمان کۆکردووەتەوە، لەبەرئەوە ترسم لەوە نییە کە سیاسەت تیادەچێت لەم حیزبەی ئێمەدا، ترسم لەوەیە کە دەعوەکە تیابچێت بە هۆی سیاسەتەوە، ئەم چەمکە ناسکانە لەناو دونیای سیاسەتدا وشك هەڵدێنو دەکەونە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندییو ململانێ، کە لە ئەنجامدا دەعوەکە دەهاڕێتو قەیرانی بارە سیاسییەکە دەگوێزێتەوە بۆ سەرشانی دەعوەکە، واتە دەعوەکە باجی قەیرانە سیاسییەکە

دەدات.

**لڤین: لەگەڵ ئەو ترسەی تۆدا لە تێکەڵاوبونی دەعوەو سیاسەت، بەڵام وا دەردەکەوێت ئەوەی کە وا بڕیاری سیاسیی یەکگرتووی بەدەستە لە ئێستادا داعییەکانن، نەک سیاسییەکان؟**

مەولود باوەمراد: دیارە من کەسم پۆلێن نەکردووە، فلان داعییەو فلان واعییەو فلان سیاسییە، تۆ وەکو رۆژنامەنووسێك چی دەبینیت مافی خۆتە، بەڵام ماوەی سیازدە ساڵ بەسە بۆ ئەوەی کە ئەو برایانە لە سیاسەتدا قاڵ ببن، من بەپێچەوانەوە دەبینم ئەو برایانەی کە دەیانتوانی دەعوە بگەیەننە دڵەکانو ماڵەکان لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە هۆی تێکەڵاوییان لەتەك سیاسەتدا لە بواری دەعوەکەدا زەعیف بوون.

**لڤین: لە یەکگرتوودا باس لە بوونی دوو کوتلە دەکرێت" کوتلەیەکی ریفۆرمخوازو کوتلەیەکی موحافیزکار، دەوترێت بڕیاری قیادەی حیزبیش بەدەست کوتلە موحافیزکارەکەوەیە؟**

مەولود باوەمراد: تۆ من بە کامیان دادەنێیت؟ بەهەرحاڵ مادام تۆ وەڵامی من نادەیتەوە، من وەڵامت دەدەمەوە، ئەو حیزبە دوو لایەنی هەیە؛ دەعوەو سیاسەت، هەردووکمان تێکەڵاوکردووە، ئەوەی کە تۆ ناوی دەنێیت دوو جەمسەر، من پێیدەڵێم ئیهتیمام، چونکە من پێموایە سیاسەت زەرورەتە، رایەکی تریش گرنگیدانی دەعوەی زیاترە، بەڵام هەرگیز من ئەو ئیهتیمامەم نییە کە ئەو برایەی تر هەیەتی، چونکە پێموایە دەبێت خۆمان یەکلاییبکەینەوە بۆ یەکێك لەم دوو کارە، چونکە هەردووکیانمان پێناکرێت، گەر هەردووکیانمان کرد، ئەوا لایەکیان زایە دەکەین، بەڵام تۆ بەوشێوەیە وێنای دەکەیتو ناوی دەنێیت سیاسییو موحافیزکار، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام خوا دەزانێت موناقەشەشمان لەوبارەوەیە لەگەڵ یەك نەکردووە.

**لڤین: رەنگە دەرنەکەوتنی ململانێکان لەنێوان ئەم دوو باڵەی یەکگرتوودا هۆکاری ئەوە بێت کە سیاسییەکان لاوازن یان شەرمنن؟**

مەولود باوەمراد: لاوازبوون مەقبول نییە، بەڵام شەرمنبوون مەقبولە، حەقی خۆیەتی من شەرم لە زۆرێك لە براکانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی بکەم، ئەوە عەیب نییە، بەڵام لاوازیی عەیبەیە.

**لڤین: هەست بەوە دەکرێت کە تێڕوانینەکانی باڵی موحافیزکار بەسەر راگەیاندنو سیاسەتی یەکگرتوو زاڵە بۆ نمونە ئەوەندەی بەرگری لە شتە ئاینییەکان دەکات ئەوەندە بەرگری هێندە بەرگریی لەشتە سیاسییەکان ناکات، بۆیە دەبینرێت ئەوەندەی وەعز بە کۆمەڵگە دەدات، هێندە کار لەسەر بەرنامەی سیاسیی ناکاتو بەرنامەیەکی سیاسیی روونی نییە؟**

مەولود باوەمراد: لەمەدا قسەی کورتم ئەوەیە کە تەئیدت بکەم، هەر ئەوەشە وایکردووە لە باسی گەندەڵیدا لاوازبین، خەڵك وادەزانێت کە دەترسین، لە دونیای ئیسلامیشدا هەروایە، بە مەلاین زوڵمی جۆراوجۆر دەکرێنو ئەوەندەی بۆ شتە ئایینییەکان دێینە سەرجادە، بۆ شتی تر نایەین، هۆشیاریمان لەو بوارەدا کەمترە.

**لڤین: دەوترێت ئەوەی بڕیاری سیاسیی یەکگرتووی بەدەستە، ئەوانەن کە خەڵکی دەڤەری هەڵەبجەن، واتە ئەوان کۆنترۆڵیان کردووە؟**

مەولود باوەمراد: زۆربەی حیزبەکانی دونیا هەروان، وا رێکدەکەوێت حیزبێك لە رۆژهەڵات یان لە رۆژئاوای وڵاتدا بەهێزبێت، لە هەڵەبجەش دەعوە زوو گەشەیکردو ناوچەیەکی ئازادکراو بووەو خەڵکی بانگخوازی باشی لێبووە کە خەڵکیان بۆ لای تەیاری ئیسلامیی راکێشاوە، من لەساڵی( ٧٩) هاتوومەتە نێو تەیاری ئیسلامیی، ئەوە شتێکی سروشتییە، حیزبێك لە ناوچەیەکدا بەهێزبێت.

**لڤین: دەوترێت لە یەکگرتوودا هەولێرییەکان گلەییان هەیە؟**

مەولود باوەمراد: هەولێرییەکان با گلەیی خۆیان بکەن، ئەوە شتێکی باشەو پێشمخۆشە ئەو پرسیارە لە من دەکەیت، من لە کاتی کۆنگرەدا بە برا هەولێرییەکانم وت کە خۆتان یەك چاو بکەنەوە، با یەكو دووانێکتان بۆ سەرکردایەتی دەربچێت، ئەوان خۆیان جیاواز بوون، من پەیوەندیم پێوەکردنو وتم ئێوە کەستان هەیە پاڵێوراو بێت تا دەنگی بۆ بدەینو خەڵکتان بۆ هانبدەین، بەڵام ئەوان خۆیان جیاواز بوون، زۆر حەزمدەکرد هەولێرییەکان بێنە پێش، ئەوان دەنگەکانیان دابەشبوو. لە هەولێردا ئەزمەی کادیریان بۆ سەرکردایەتی هەیە. کردنەوەی مەڵبەندێکی تر لە هەولێردا پەیوەندی بە رووبەری گەورەی شارەوە هەیە.

**لڤین: دەوترێت مەکتەبی سیاسیی لە ئاستی بەرهەمهێنانی بڕیاری سیاسییدا لاوازە؟**

مەولود باوەمراد: بڕیارێکی سیاسیی نەبووە، ئێمە لێی بکشێینە دواوە، یان لێی بێخەم بین، یان قسەی لەسەر نەکەین، کاری سیاسییش هەروا ئاسان نییە.

**لڤین: دەوترێت ئەمینداری یەکگرتوو هەیمەنەی هەیە بەسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە؟**

مەولود باوەمراد: ئەگەر هەیمەنەی نەبێت، حیزب هەڵدەوەشێتەوە، هەیمەنە بۆ هەموو شتێك زەرورە، هەیمەنە مەفهومێکی خراپ نییە، رەنگە بتەوێت بڵێیت کە مامۆستا دیکتاتۆرێکە بەسەر ئێوەوە، هەرگیز شتی وانییەو بڕیار بە کۆی دەنگ دەدرێتو مامۆستاش مافی خۆیەتی رێزی لێبگیرێت، هەموو مەکتەبی سیاسییو سەرکردایەتی پاڵێوراو بوو بۆ ئەمیندار، بەڵام یەکێك حەوت دەنگو هەشت دەنگو سیازدە دەنگو مامۆستاش سێسەدوحەفتا دەنگی هێنا.

**لڤین: بۆچی یەکگرتوو نەیتوانیوە نموونەی جیاوازییو فرەیی پێشکەشبکات؟**

مەولود باوەمراد: تۆ دەتەوێت چی بکەین، جیاوازین، پەروەردەمان جیاوازە، ئێوە دەتانەوێت شتێك بە ئێمە بڵێن کە جیاوازە لەگەڵ عورفی ئەم مەملەکەتو وڵاتەدا.

**لڤین: بۆ لە یەکگرتوودا سوڕی ئەمینداریی دیارینەکراوە؟**

مەولود باوەمراد: لە وڵاتانی دەوروبەری ئێمە لە هیچ شوێنێك وانییە، ئێوە دەتانەوێت بیدعەیەك بە ئێمە بکەن، ئەوەی ئێوە دەیڵێن خیلافی عورفی سیاسییە لەناوچەی ئێمەدا، بەڵام ورووژاندنی ئەم پرسیارە شتێکی باشە.

**لڤین: بۆ کادیری سیاسیی نوێ لە یەکگرتوودا دەرناکەوێت؟**

مەولود باوەمراد: کادیری سیاسیی بەئاسانی دەرناکەوێتو لە سەرکردایەتیدا کادیری نوێ هەیە، کۆمەڵێکی گەنج هاتوون، ئەوەندەی لە یەکگرتوودا خوێنی تازە دێت، لە حیزبی تردا نایەتە پێشەوە، خەڵکیش بە یەکێتییو پارتی ناوێرێت، یان مەعاشەکەی دەبڕێت یان بەقاچ هەڵیدەواسێت، بۆیە یەخەی ئێمە دەگرن، بۆ ئەوەو ئەوە ناکەنو تاوانبارمان دەکەن، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی بە بەڵگەو ژمارە دەکرێت، کوردستان بێژمارەترین وڵاتە لەدونیادا.